گـۆڤـاری زانـكـۆی راپــەریــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/pbz63y65

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 21/01/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 20/03/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2025

# پەیوەندی نێوان هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستاندا

**چاوان محمد محی الدين [1] - ڕێبوار سەعید [2]**

rebwar.rashed@univsul.edu.iq - chawan.muhealddin@univsul.edu.iq

[1+2] بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستاندا)، پێکدێت لەچوار بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە تەوەرەکانی تایبەت بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە کە پێکهاتوە لە: کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکانی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە لەگەڵ دیاریکردنی زاراوەکان. کێشەی توێژینەوە لەرێگەی چەند پرسیارێکەوە دەستنیشانکراوە کە بەم شێوەیە: ١- ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک توانیویانە بەپێی مێژو و گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوامی بە خۆیان بدەن و هەمیشە لە نوێبونەوەدا بون؟ ٢-ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک تا چ ڕادەیەک خزمەتی جەوهەریی کلتور و مێژوی مرۆڤایەتی کردوە، وەک میدیایەک بۆ پەیوەندیگرتن و دەربڕین؟ ٣-ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستان تاچەند توانیویتی ببێتە بابەتێکی کارکردن لای هونەرمەندانی کوردستان؟) بە ئامانجی ڕاڤەیەکی شیکاری بۆ هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستان، بەشی دوەم کە چێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە پێکدێت لە چوار توێژگە کە باس لە مێژوی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک، هەروەها باس لە تەکنیک و بوارەکانی هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک و بەرجەستەبونی هونەری ئیلسترەیش و گرافیک لە هەرێمی کوردستان دەکات. بەشی سێیەم کە ڕێکارەکانی توێژینەوەیە توێژەر چەند نمونەیەکی وەرگرتوە لە کارەهونەرییەکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان کە لەسەر هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک کاریانکردوە، بەشێواز و میتۆدی زانستی خراونەتەڕو. بەشی چوارەم ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان**: ئیلسترەیشن، چاپ، گرافیک، هونەر.

# Relationship between Illustration and Graphic Printing in the Art Works of Kurdistan Regional Artists

Chawan Mohammed Muhealaden[1] - Rebwar said[2]

[1+2]Department of Painting, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is entitled (Relationship between Illustration and Graphic Printing in the Art Works of Kurdistan Regional Artists), The first section includes topics related to the general framework of the study, which consists of: research problem, research importance, research objectives, research limitations and definition of terms. The research problem is identified through several questions as follows:

1- Have the arts of illustration and graphic printing been able to continue according to history and changes in human life and have always been renewed?

2- To what extent has the art of illustration and graphic printing become a subject of work for artists in the Kurdistan region?"

3- To what extent has the art of illustration and graphic printing served as a means of communication and expression in the essence of human culture and history?

With the aim of providing an interpretive analysis of illustration art and graphic printing in the Kurdistan region, the second section, which is the theoretical framework of the research, delves into the history of the emergence and development of graphic printing and illustration art. It also discusses the techniques and fields of illustration art and graphic printing. In the third section, researchers have presented examples of artworks created by artists from the Kurdistan region who have worked in the fields of illustration and graphic printing in a scientific manner. The fourth section presents the results, conclusions, recommendations, and references.

**Keywords:** Illustration, Graphic, Print, Art.

**پێشەکی:** چاپی گرافیک و هونەری ئیلسترەیشن، دو فۆڕمی هونەرین، کە بە تێپەڕبونی کات پەرەیانسەندوە و مێژویەکی دورودرێژ و دەوڵەمەندیان هەیە و لە پەیوەندییەکی نزیکدان بە درێژایی مێژو، بەردەوام بەپێی سەردەمەکان لە گۆڕانکاریدا بون. هەردو فۆڕمە هونەرییەکە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە گەیاندنی بیرۆکە و چەمکەکان لە ڕێگەی وێنەوە، هەروەها هەردوکیان پێویستییان بە پلەیەکی بەرزی لێهاتویی تەکنیکی هەیە. جگە لەوەش هەردو شێوە هونەرییەکە بۆ گەیاندنی پەیامێک یان بیرۆکەیەک بە بینەرەکانیان بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ بەردەوامبونی هونەرمەندان لە تاقیکردنەوەی تەکنیک و میدیای نوێ. بەگشتی پەیوەندی نێوان چاپ و وێناکردن بەڵگەیە لەسەر هێزی بەردەوامی هونەر بۆ گەیاندن و ئیلهامبەخشین بەهەست لە بینەرەکانیدا. بە تێکەڵکردنی شارەزایی و تەکنیکی چاپی گرافیک لەگەڵ داهێنان لە هونەری وێنەکێشاندا هونەرمەندان دەتوانن بەرهەمی بەهێز و وروژێنەر دروستبکەن، کە لە چەندین ئاستدا دەنگدانەوەی لەلای بینەرانیان هەبێت. بەم پێیەش پەیوەندی نێوان ئەم دو فۆڕمە هونەرییە بەردەوامە و بوارێکی گرنگ و زیندوە لە گەڕان و دەربڕینی هونەریدا دروستدەکەن.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

هونەر لایەنێکی جەوهەریی کولتور و مێژوی مرۆڤایەتی بوە، وەک میدیایەک بۆ پەیوەندیگرتن و دەربڕین خزمەتیکردوە. ئەم دو فۆڕمە هونەرییە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە لە گەیاندنی بیرۆکە و چەمکەکاندا، لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی بینراوەوە و پەرەسەندنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژو، کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار دەستیکردوە بە نیگارکێشان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان. ئەم هەوڵە سەرەتاییانە بۆ نوێنەرایەتیی بینراو، دەتوانرێت وەک سەرەتای توانا بینراوەکانی ئەو قۆناغە سەیر بکرێن، ئەم گەشەسەندنە لە چوارچێوەی فۆڕمێکی بنەڕەتیدا لێکبدرێتەوە کە ئیرادەی مرۆڤ بوە لەم هەوڵەدا. لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا، ئەم فۆڕمە سەرەتاییانەی نوێنەرایەتیی بینراویان کردوە، پەرەیان سەندوە و بون بە هونەری ئیلسترەیشن و گەشەکردنی تەکنیکەکانی چاپی گرافیک.

هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک دو جۆری جیاوازی هونەرن، کە بە درێژایی مێژو پەیوەندییەکی نزیکیان هەبوە، سەرەڕای مێژوی هاوبەشیان، هونەری ئیلسترەیشن و گرافیک لە پرۆسەی جێبەجێکردنیاندا سەربەخۆن. ئەم فۆڕمە هونەرییانە هەوڵدەدەن بۆ گەیاندنی بیرۆکە و چەمکەکان لە ڕێگەی وێنەوە، بەڵام هاوبەشیی نێوان ئیلسترەیشن و هونەری گرافیک بوەتە هۆی سەرلێشێواوی لە هەرێمی کوردستاندا و لەدەستدانی ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر یەکێکیان و ناڕونی لە پێناسەکردنیاندا. جیاوازیی وەرگێڕان و پێناسەی زاراوەی " ئیلسترەیشن" و " گرافیک" بوەتە هۆی دروستبونی ئەم کێشەیە، ئەمەش وایکردوە ببێتە پرسێکی تەکنیکی و هونەری کە پێویستە چارەسەر بکرێت. کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە چەند پرسیارێک سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە کارە هونەرییەکانی هونەرماندانی هەرێمی کوردستاندا، هەر بۆیە دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لە میانەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا ڕونبکەینەوە لەسەر ئەم گریمانانەی لای خوارەوە:

١- ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک توانیویانە بەپێی مێژو و گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوامی بە خۆیان بدەن و هەمیشە لە نوێبونەوەدا بون؟

٢-ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک تا چ ڕادەیەک خزمەتی جەوهەریی کلتور و مێژوی مرۆڤایەتی کردوە، وەک میدیایەک بۆ پەیوەندیگرتن و دەربڕین؟

٣-ئایا هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستان، تاچەند توانیویتی ببێتە بابەتێکی کارکردن لای هونەرمەندانی کوردستان؟

## ١-٢ گرنگی توێژینەوە:

١- پەرە بە توانا تەکنیکییەکان دەدات؛ هەردو هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک، پێویستیان بە کارامەیی و تەکنیکی تایبەت هەیە وەک: وێنەکێشان، نیگارکێشان، تەکنیکەکانی چاپکردن و تەکنیکەکانی وێناکردنی دیجیتاڵی. هەر بۆیە زانیارییەکان و بابەتەکانی نێو ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیی خوێندکاران بدات، توانا تەکنیکییەکانیان باشتر بکەن و کارامەیی نوێ پەرەپێبدەن.

٢- دەرفەت بۆ هاوکاریکردن دەڕەخسێنێت؛ هەریەک لە ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک، دەتوانن هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە لەخۆبگرن، وەک کارکردن لەگەڵ دیزاینەران، چاپکەران یان کڕیاران. خوێندنەوەی ئەم بوارانە دەتوانێت یارمەتیی خوێندکاران بدات کە فێربین چۆن هاوکارییەکی کاریگەرانە ئەنجامبدەن و پەرە بە توانا گرنگەکانی نێوان تاکەکان بدەن.

٣- بە سەرنجدان لە کەمیی سەرچاوەی بەردەست، لە هەر دو بواری هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک بە کوردی، ئەم توێژینەوەیە توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەنرخ، بۆ هونەرمەندان و ئارەزومەندانی هونەر کە هەوڵی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەریی ئەکادیمی دەدەن.

٤- خوێندکار بۆ پیشەی هونەری ئامادە دەکات؛ بەتایبەت ئەوانەی کە هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک دەخوێنن؛ لەوانەیە بچنە سەر کارێکی وەک: وێنەکێش، گرافیکدیزاینەر، پرۆدەکت دیزاین (دیزاینی بەرهەمەکان)، چاپکەر، میدیای بینراو یان لە بوارە پەیوەندیدارەکانی تردا. ئەم بوارانە، ئەو لێهاتویی و زانیارییانەی کە پێویستن بۆ سەرکەوتن لەم پیشانەدا، بە خوێندکاران دەبەخشن.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی شیکارییەکی قوڵە بۆ چەمکی وێناکردن و چاپی گرافیک، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە تەکنیک و بوارەکانی کارکردنیان. ئەم توێژینەوەیە بە لێکۆڵینەوە لەو زەمینە مێژویی و هاوچەرخانەی کە ئەم فۆرمە هونەرییانە تێیدا پەرەیانسەندوە، هەروەها ئەو تایبەتمەندییە جیاوازانەی کە لە یەکتر جیایان دەکەنەوە؛ ئامانجیەتی بەشدارییەکی بەرچاو بکات لە گوتاری ئەکادیمی لەسەر هونەری ئیلسترەیشن و گرافیک، لەهەمان کاتدا ڕۆشنایی بخاتە سەر بەکارهێنانی پراکتیکی و توانای داهێنەرانەیان. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەدواداچونە بۆ چەمک و مێژو و بوارەکانی هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک و دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کە دەتوانرێت وەک وێنەکێشان لە ناوچەی کوردستاندا پۆلێن بکرێن.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە:

- سنوری بابەتی: پەیوەندی نێوان هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە کارە هونەرییەکانی هونەرماندانی هەرێمی کوردستاندا.

- سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان.
- سنوری کاتی: لە ساڵی (٢٠١٣ - ٢٠٢١) زاینی.

## ٥-١ پێناسەی زاراوەکان:

### ئیلسترەیشن (illustration) وەک زاراوە:

(Illustration) ناوێکە لە کرداری (Illustrate) وەرگیراوە. (Illustrate) ڕەگێکی یۆنانییە، بە واتای ڕون بون و ڕونکردنەوە دێت (amanjacademy. 2022. online). ئیلسترەیشن بریتییە لە وێناکردنێک کە لەلایەن شێوەکارێکەوە دروستدەکرێت. ئیلسترەیشن هێڵکارییەکە (تابلۆ، چاپی گرافیک، کارێکی هەڵکۆڵدراو، یاخود فۆتۆ) کە شتێک ڕوندەکاتەوە. ئیلسترەیشن مەرج نییە هێڵکاری بێت، فۆتۆی ناو ئینسکلۆپیدیایەک ئیلسترەیشنە، چونکە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە نوسراوە. کەواتە ئەگەر هێڵکارییەکەت شتێک ڕوننەکاتەوە؛ ئیلسترەیشن نییە، بەڵکو کارێکی هونەرییە. ئیلسترەیشن دەشێت ئایدیایەک ڕونبکاتەوە، بەبێ ئەوەی تێکستی لەگەڵدا بێت. کاتێک سەیری وێنەیەک دەکرێت، دەبێت چیرۆکێک ببینرێت، واتا بەجۆرێک وێنەکە "بخوێنرێتەوە" وەک ئەوەی چیرۆکێک دەخوێنرێتەوە. بۆ نمونە گێڕانەوەی چیرۆکێک بە ئیلسترەیشن، واتە گواستنەوەی بۆ ڕونکردنەوەی کۆنتێکستێکی دیاریکراو، تەنیا بە یارمەتیی وێنە (Nikolay Kaloyanov. 2022. online).

### ئیلسترەیشن (لە ڕوی جێبەجێکاریەوە):

ئیلسترەیشن ئاماژەیە بۆ دروستکردنی وێنە و گرافیکی هونەری لەسەر بنەمای دەقی نوسراو، یان بە ئیلهام وەرگرتن لە نوسراوێک. لە چوارچێوەی هونەری کوردیی قۆناغەکانی پێشودا و بەهۆی نەبونی پێناسەیەکی دروست بۆ ئەم فۆرمەی دەربڕینی هونەری؛ وێناکردن زیاتر وەک مۆتیف ناسێنراوە. ئیلسترەیشن بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکانی کتێبێک، ڕازاندنەوەی بەرگی کتێب، هەروەها لەناو میدیای دیجیتاڵیدا کە تێیدا وەک توخمێکی بنەڕەتییە بۆ ڕونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان، یان دیزاینکردنی ماڵپەڕ و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنرێت. جگە لەوەش ئیلسترەیشن، بەشدارییەکی بەرچاوی لە بواری زانستیدا کردوە، بەتایبەتی لە شێوەی وێناکردنی پزیشکیدا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئیلسترەیشن وێنەیەکە لە کتێب و گۆڤار و هتد یان پرۆسەی وێناکردنی بابەتێکە(Cambridge, University. 2024. online).

### گرافیک (graphic) وەک زاراوە:

وشەی گرافیک (Graphic) لە (Graphus)ی لاتینیە وەرگیراوە کە بە مانای هێڵی کێشراو یان لەبەرگیراو دێت، پاشان بو بە وشەیەکی بڵاو لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە وێنە لە بەرگیراوەکان وتراوە گرافیک، لە زمانی فەرەنسیشدا بوە بە(Gravure) (فتحی. ١٩٨٥، ٥).

گرافیک بە واتایەکی گشتی هونەری بڕین یاخود هەڵکۆڵینی ڕوکارە تەختیەکان یا مەعدەنییەکان یاخود بەردییەکان و هەر ماتریالێک کە بە ئامانجی ئامادەکردنی ڕوکارێک بۆ چاپ کردن. (الصقر. ٢٠٠٣، ٤٣)

چاپی گرافیک لەنێو هونەردا وشەیەکی پەیوەندیدارە بە کاری چاپ و وێنەکێشانەوە (Cambridge, University. 2024. online).

## گرافیک (لە ڕوی جێبەجێکارییەوە):

سەرجەم ئەو کارە هونەرییانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی پرۆسە و تەکنیکەکانی چاپکردنەوە بەرهەمدێن. بە واتایەکی دیکە؛ چاپی گرافیکی، ئەو کارانە ناگرێتەوە کە لە ڕێگەی هێڵکاریی ڕاستەوخۆ و وێنەکێشان لە ڕێگەی بەکارهێنانی فڵچە، کە تەنیا ڕەنگی ڕەش و سپی (تەکنیکی نێگەتیف و پۆزەتیف)، یان لەخۆگرتوە، بەڵکو لەم توێژینەوەیەدا گرافیک بە واتای (printmaking) چاپی گرافیک بەکارهاتوە کە هەمو ئەو کارانە دەگرێتەوە لە ڕێگەی تەکنیکەکانی وەک: (کۆڵین لەسەر دار(woodcut)، زینک، چاپی خاڵی وشک، چاپی سەر بەرد، لیتۆگرافی، لاینۆ ، چاپی سکرین)، بەرهەمهاتون.

## چاپ (Print) وەک زاراوە:

چاپ یەکێکە لە لقە گرنگەکانی ڕیکلام و براندینگ و بە واتای وشەیی بەو نیشانەیە دێت کە لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵیت. فۆڕمی کۆنی وشەی چاپ بریتییە لە چێهاپ. ئەم وشەیە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە وشەی (chau)ی مەنگۆلییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای فشارخستنە سەر ڕوبەرێک لەسەر ڕوبەرێکی دیکە دێت (Britannica. 2024. online).

ئەنتوان گریفس[1] پێی وایە چاپ لە کرۆکدا وێنەیەکی دارێژراوە، بەرهەمدەهێنرێت بۆ چەند جارەکردنەوەی ئەو وێنە دارێژراوە(Griffiths. 1996. 12).

## چاپ (لە ڕوی جێبەجێکاریەوە):

چاپ بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی هەر جۆرە پیت و نەخش و وێنەیەک لە ڕێگەی دەست یا خود ئامێری تایبەتیەوە لەسەر کەرەستەیەکی دیاریکراو بە ڕێژەیەکی زیاتر بە هەمان شێوە و فۆرم.

## هونەر (Art) وەک زاراوە:

زاراوەی (Art) لە وشەی لاتینی (ARS)ەوە هاتوە، کە واتای لێهاتویی، یان پیشەسازی دەگەیەنێت. بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە دەقەکانی سەدەی ١٣دا بەکارهاتوە. بەڵام وشەی (Art) و جۆرەکانی لە ڕۆمی کۆنەوە بونیان هەبوە (Arydpo. 2023. online).

هونەر بریتیە لە دروستکردنی ئەو شت و وێنە و مۆسیقا و هتد... کە جوانن یا خود هەستەکان دەردەبڕن (Cambridge, University. 2024. online).

## هونەر (لە ڕوی جێبەجێکاریەوە):

بە شێوەیەکی گشتی هونەر بریتییە لە کۆمەڵەیەکی زۆر بەرفراوان لە پرۆسە و ئەو بەرهەمانەی کە بە دەستی مرۆڤ دێنە بون. ئەم بوارە گرنگەی ژیان ژمارەیەکی زۆر لق و جۆر لەخۆدەگرێت کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر هەست و سۆز و ڕۆح و زیرەکی مرۆڤ هەیە. بەشێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین کە هونەری دروستکردنی جوانییە. لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بە هونەرە نمایشییەکان بکەین وەک شانۆ، سینەما، دراما، سەما و هتد. هونەرە بینراوەکان کە بریتین لە نیگارکێشان، فۆتۆگرافی، وێنەکێشان، پەیکەرسازی و هتد. هەروەها مۆسیقا، ئامێر، تەلارسازی، کاری دەستی، ئەدەب و هتد.

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## توێژگەی یەکەم

## مێژوی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک

### ا- مێژوی هونەری ئیلسترەیشن:

یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە مێژودا کە خزمەتێکی گەورەی بە جیهان و بەتایبەتی بواری چاپ و ئیلسرەیشن گەیاندوە بریتییە لە دۆزینەوەی کاغەز. دۆزینەوەی کاغەز لە چین سەری هەڵدا کە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە کاربەدەستانی حکومەتی چین کە ناوی (Tsai Lun)ە، بە ئیمپڕاتۆر (Cheng Ho(١٣٧١-١٤٣٣))ی ڕاگەیاند کە کاغەزی دروستکردوە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە تۆزێک نادیارە، نازانرێت کە خۆی داهێنەری کاغەزە یاخود ئەم برەوی داوە بە دروستکردنەکەی ( شێوە ١). ئەم داهێنانە نوێیە تاوەکو سەدەی نۆزدە بەردەوام بو لە بەرهەمهێنانی کاغەزدا و دواتر لە ئینگلتەرا ئامێر بەکارهێنرا لە دروستکردنی کاغەزدا (عبد. ٢٠١٠، ٨٢-٨٣).



(شێوە ١)

لە پاش سەرهەڵدانی کاغەز بەشێوەیەکی کەم بواری چاپ پێشکەوتنی زیادتری بە خۆیەوە بینی و هونەری ئیلسترەیشنیش زیادتر پەرەیپێدرا، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هونەری ئیلسترەیشن ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە.

دەستەواژەی وێناکردن – (Illustration) واتای ڕوناکیریی فیکری و ڕۆحانی هەیە. بەواتایەکی تر؛ وێناکردن بریتییە لە بینینێک کە لەلایەن هونەرمەندانەوە بەشێوازی جۆراوجۆر درکپێدەکرێت و دەردەبڕدرێت، ئەشێت لە شێوەی تابلۆ، وێنەکێشان، نەخشاندن، کۆلاج، یان ڕیلیفدا بێت. بەگشتی وێناکردن پێویست ناکات بکێشرێت، بەڵکو تەنیا دەتوانێت ببێت بە وێنەیەک لە کتێبێکدا کە ڕونیدەکاتەوە چی نوسراوە.

هونەری دیجیتاڵی لە ئیلسترەیشنی نەریتی بەدەستکێشراوەوە سەریهەڵداوە، ئێستا لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و واکۆم (Wacom)[2] و ئایپاد (ipad)[3] ەوە، وێناکردنی دیجیتاڵییت پێ دەدات کە خزمەت بە ڕونکردنەوەی دەقی نوسراو دەکات، بۆیە دەبینین ئیلسترەیشن بەدرێژایی سەردەمەکان بە پرۆسەی دۆزینەوە و کۆمەڵێک تەکنیک و شێواز، لە وێنەکێشانی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە ئەنیمەیشن و مۆدێلە سێ ڕەهەندییەکانی ئەمڕۆ. لێرەدا بە کورتی دێرینترین جۆرەکانی ئیلسترەیشن دەخەینەڕو.

## ١- نوسینی هیرۆگلیفی میسری (Hieroglyphic) نوسینی وێنەدار:

دوا شوێنەواری مێژوی و کلتوری میسری لە ساڵی٣٩١ی ئانۆدۆمنی بونی نەما، کاتێک ئیمپراتۆری بیزەنتین (تیۆدۆسیۆسی یەکەم Theodosius هەمو پەرستگا بتپەرستەکانی لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا داخست. ئەم کارە نەریتێکی چوار هەزار ساڵەی کۆتایی پێهێنا و بەمەش پەیامی زمانی میسری کۆن بۆ ماوەی ١٥٠٠ ساڵ لەدەستچو، تا کاتی دۆزینەوەی بەردی ڕۆزێتا Rosetta stone و کارەکانی ژان فرانسوا شامپۆلیۆن Jean-Francois Champollion (١٧٩٠-١٨٣٢) کە میسرییە کۆنەکان لە خەوێکی درێژخایەن بەئاگاهاتنەوە. هەر بۆیەش ئێمە ئەمڕۆ بەهۆی ئەو برە زۆرە لە ئەدەبیات و نوسراو و بەجێماوەکانی میسری کۆنەوە، بەراورد بە هەمو کلتورە کۆنەکانی دنیا، زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆمەڵگەی میسرِی کۆن دەزانین. هیرۆگلیفی Hieroglyphic لەلایەن میسرییەکانەوە بە "قسەی خودا"، یاخود بە واتای نەخشاندنی پیرۆز ناودەبرا و بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن قەشەکانەوە بەکاردەهێنرا، ئەمەش پێچەوانەی سیستمی سادەی نوسینی مۆدێرنە. نوسینی هیرۆگلیفی، سیستەمێکە تیایدا کارەکتەرەکان (پیتەکان)، لەشێوەی وێنەدا دروستکراون و بەکارهێنراون. هیرۆگلیفی دەکرێت وەک وێنە بخوێنرێتەوە، یان وەک هێما بۆ شتەکان، یاخود وەک هێما بۆ دەنگەکان کە نوێنەرایەتیی تێکەڵەیەک لە دەنگەکانی ئەلفبێ و بزوێنەکان دەکەن، لەگەڵ وێنەکان کە وێناکردنی شتە ڕاستەقینەکان ڕوندەکاتەوە. ئەم شێوازەی نوسین، تەنیا لەسەر دیوار و ڕوکاری پەرستگا و گۆڕی پادشاکاندا بەکارهاتوە کە بە ئیلسترەیشن گوزارشت لە دەقەکان کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا نوسراوی سەر پەڕاوەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە، بەشێوازێکی تر بو کە بە ڕێنوسی هیراتیکی Hieratic ناسرا بو، ئەمە دەستنوسێک بو، تێیدا نیشانە و وێنەکان تارادەی ئەبستراکت کورتکرابونەوە، بەڵام میسرییەکان بە ئەنقەست هیرۆگلیفییەکانیان بە فۆرمە سەرەتاییەکانییەوە پاراست، چونکە پێیانوابو دیارییەکە لەلایەن خوداوەندەکانەوە، بۆیە لەسەر دیواری پەرستگا و گۆڕەکان؛ نوسینی ئەفسوناوی و زێڕین هەبون بۆ ئەوەی هێزی سەروسروشتی ببەخشن، نەک بۆ پەیوەندیی ئاسایی ڕۆژانە. نمونەی نوسراوی هیرۆگریفی ( شێوەی ٢) (Osama Shukir. 2016. online) .



(شێوەی ٢)

## ٢- کتێبی مردوەکانی میسر:

کتێبی مردوەکانی میسر (The Egyptian Book of the Dead)، کۆمەڵێک پەرتوکی پاپیروسە papyrus، کە لە سەردەمی شانشینی نوێی میسردا(١٥٥٠-١٠٧٧ پێش زایین)، بەرهەمهێنراون و لەگەڵ مردوەکاندا نێژراون وەک ڕێبەرێکی پراکتیکی و ڕۆحی بۆ پاداشتەکان بۆ ژیانی دوای مردنیان، کە میسرییەکان وەک شوێنێکی ڕاستەقینە پێشبینییان دەکرد. پەرتوکەکان دەقێکی تاکەکەسی نەبون، بەڵکو کۆمەڵێک نوسراو بون لە جادو و وێناکراو کە لەگەڵ مردوەکەدا لە

گۆڕەکەیدا دانراون. ئەمە یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە ڕەگ و ڕیشەی دەقی وێناکراو (ئیلسترەیشن)ی چەندین هەزار ساڵ لە ڕابردودا پیشان دەدات(شێوەی٣)(Britannica. 2023. online) .



(شێوەی ٣)

## ٣- دەستنوسە ڕوناککراوەکان (Illuminated Manuscripts):

ئەمانە یەکەمین کتێبی وێنادار لە جیهانی ڕۆژئاوادا بون، کە بریتیبون لە نوسینی تێکستێک لە ناوەڕاستی پەڕەیەکدا و ڕازاندنەوەی چواردەوری نوسینەکە بە زەخرەفە، وێنە، هێڵکاری، ئیلسترەیشن، بەکارهێنانی کانزاکانی وەک زێڕ، یان زیو بۆ ڕەنگکردن زۆربەی جارەکان لاپەڕەکانی لە پێستی ئاژەڵ دروستدەکران. لەنێوان ساڵانی ١١٠٠-١٦٠٠ بەرهەم هێنراون و دێرەکان وەک سەرەتاییترین دروستکەریانن (National Gallery of Art. 2024. Online). ئەم دەستنوسانە بە قەبارەی جیاواز دروست دەکران بەپێی مەبەستی بەکارهێنانی. دەستنوسە ڕوناککراوەکان لەنێوان سەدەکانی ١٣-١٥دا لە گەشەکردندا بون، پاشان لەسەدەی ١٥ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی چاپکردن، نەریتی دەستنوسە ڕوناککراوەکان بەرەو کۆتایی دەچو. هاوکات توانای بەرهەمهێنانی دەقی چاپکراو و بەکۆمەڵ زیادیکرد و ژمارەی ئەو کەسە خوێندەوارانەی کە خوازیاری کتێبی عەلمانی و ئایینی بون لە زیادبوندا بو. یەکێک لە دیارترین بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی کارۆلینجی؛ کتێبێکی ئینجیل بو کە قەشە گۆدێسکاڵک (monk Godescalc) ئامادەیکردوە بە ناوی (Godescalc Gospels) (شێوەی ٤)، کە نمونەیەک بو لە کاری هونەر و خۆشنوسی و زمان. تێیدا هونەرمەند تەکنیکەکانی وەهمگەرایی سروشتی بەکارهێناوە لە دروستکردن و دەرکەوتنی کارەکتەرەکاندا و سێبەر بەوردی بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی قوڵی بە کارەکتەرەکان بدات. شێوازی کارۆلینجی، سەرەتاییترین شێواز بو لەو سەردەمە کە وێنە و نوسینی تێدا بەکاردەهات.



(شێوەی ٤)

## ب- مێژوی چاپی گرافیک:

مرۆڤ هەمیشە وێنەی بۆ گوزارشتکردن و ڕونکردنەوە، یاخود گێڕانەوەی چیرۆک بەکارهێناوە، هەر لە سەرەتاییترین وێنەی ناو ئەشکەوتەکانەوە تاکو ئەوکارتۆن و ئەنیمەیشنانەی ئەمڕۆ بەرهەمدەهێنرێن. مرۆڤ لە ڕێگەی گێڕانەوە و وێنەکێشانەوە هەوڵی لە گوزارشتکردنی خود، مێژو، نیشاندانی ڕوداوەکان و پەیامەکانی داوە. زۆربەی تیۆرییەکان ئاماژە بە وێنەی ئەشکەوتەکان دەکەن کە ئامانج لێیان پەیوەندیکردن (communication) بوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پاڵنەر و پێویستیی پراکتیکی، بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری بابەتێک لە ڕێگەی ئیلسترەیشن- وێناکردنەوە هەزاران ساڵە لەگەڵماندایە. هەر لە کاری سەدەکانی بەردینی کۆن تاکو ئەمڕۆ مرۆڤ کاری هونەری و نیگارکێشانی لە ڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکانییەوە بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. لێرەوە دەبینین هونەرەکانی ئیلسترەیشن و گرافیک، هەمان دەستپێک و مێژویان هەیە. سەرجەم کاری سەر دیواری ئەشکەوتەکان، دەبنە بناغە و دەستپێک و سەرەتای هەردو هونەرەکە.

سەرەتا دێینە سەر باسی چاپکردن، دورتین ئیلیشیا لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی چاپی گرافیکی دەکات: (چاپکردن بریتییە لە گواستنەوەی وێنەیەک لە قاڵبێکی ئامادەکراوە بۆ سەر ڕوکارێکی دیکە، لەگەڵ توانای دوبارە ئەنجامدانەوەی هەمان پرۆسە، واتە کاتێک دیزاینەکە یاخود وێنەیەک دروستدەکرێت دەتوانی چاپی بکەیت بۆ چەند جارێک لەسەر ڕوکاری کاغەز، قوماش، تەختە، هتد... بە بەکارهێنانی هەندێک مرەکەب و چەند ئامرازێکی دیکە. هەروەها بۆ بەدیهێنانی بینەیەکی جیاواز لە دەرەنجامەکانی دەتوانی ماتریال و تەکنیکی جیاواز کارا بکەیتە ناو ئەم نێوەندە) (Elisha. 2009. P9). سەرەتاییترین جۆری قاڵبەکان لە کۆندا بەرد و قاڵبی خشتی یا قوڕین بون. دواتر کلێشەکان لە (دار، کانزا، شوشە) بە بەکارهێنانی ئامراز و ماددەکیمیاییەکان دروستدەکران. بۆ کارکردنی ڕوکارەکە بۆ وێنەیەک، ڕوکاری قاڵبەکە ڕەنگدەکرێت و دەخرێتە سەر کاغەز، یان قوماشەکە، بەمەش وێنە و هێڵکاری کلێشەکە لەسەر کاغەز و قوماشەکە چاپ دەبێت.

شێوازە تەقلیدییەکانی چاپکردن لەوانە: (تەکنیکی کۆڵین لەسەر دار، زینک، درای پۆینت[4] و لیتۆگرافی[5])، پێویستیان بە چاپخانە ئامێری پرێس هەیە، بۆ ئەوەی فشارێکی یەکسان بخەنە سەر ڕوبەر و کلێشەکە و ڕەنگەکان یەکسان دابەشبن. چاپی گرافیک لە سەدەکانی ڕابردودا پێویستی بە کاری دەستی زۆر و بەهرەی زۆر بو بۆ دروستکردنی کارێکی هونەری ڤیژوەڵی سەرنجڕاکێش و کاریگەر. هەر زو کە فۆڕمی هونەر داهێنرا درک بە گرنگی چاپکردنکرا. بەهایەکی مەزنی پێشکەش بە کۆمەڵگە کرد، وەک فۆڕمێکی هونەر کە ڕێگەی بە وێنە و نوسین دەدا چەند جارێک و بە چەندان ژمارە چاپبکرێتەوە. چاپ دەتوانێت بەناو هەمو خەڵکێکدا بڵاوببێتەوە هەروەها ڕێگەی بە کۆمەڵگەکان دا زانیاری بڵاوبکەنەوە بەهۆی چاپکردنی چەندین کتێب و ئیلسترەیشنی ئایینی و نەخشەوە.

چاپکردن بە درێژایی سەردەمەکان بە پرۆسەی دۆزینەوە و کۆمەڵێک تەکنیک و شێواز، لە چاپی دەستی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە چاپی دیجیتاڵ. لێرەدا بە کورتی کۆنترین قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیە دەخەینەڕو.

### ١- مۆر:

پاش قۆناغەکانی بەردینی کۆن و لەگەڵ دەستپێکی بەردینی نوێ و پاشان دروستبونی شارستانییەتەکان، سەرەتاییترین فۆڕمی چاپ لە (مۆر)دا دەردەکەوێت. کۆنترین فۆڕمی مۆر لە ناوچەی گردی چەتاڵی ئەنادۆڵی تورکیا دۆزراوەتەوە، مێژوەکەی بۆ ٦٠٠٠-٧٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە (شێوەی ٥) (Zolimacitymag 2017. online)، یەکێک لە کۆنترین جۆری مۆرەکان لە مێژودا بریتییە لە مۆری لولەکی (cylinder seals)، کە مێژوی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، لە ڕێگەی ئەم مۆرانەوە چەندین ئاسەواری چاپی وێنەی ئەو سەردەمە دۆزانەتەوە، کە شێوەیان بازنەییە و لە قوڕ دروستکراوە پاشان سورکراونەتەوە. لە سەدەی شازدەی پێش زایین مۆری لولەکی بەکاردەهێنرا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکان، هەروەها بۆ ناساندنی کەسایەتی و ناوچەیەک هەر ئامانجێکی دیکە لەو کاتەتدا بگونجایە (فرج. ٢٠٠٨، ١٣). مۆری و لێکی دەتوانین بڵێین هەمو خەسڵەتەکانی چاپکردنی تێدایە لەسەر ڕوکاری مۆرە لولەکییەکان زەخرەفە وێنە و نوسین و هەر مۆرە و بۆ ئامانجە بەکارهاتوە. (شێوەی ٦)





(شێوەی ٦) (شێوەی ٥)

## ٢- چاپی دراوی پارە ٦٥٠-٦٠٠ ساڵ پ.ز:

لەگەڵ گەشەسەندنی بەکارهێنانی ماددەی کانزادا، دروستکردنی دراو و سکەی پارە گەشەدەکات و کردەی بەرهەمێهنانی لە ڕێگەی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەوە دەکرا و گرنگ بو کە سەرجەم چاپەکان هاوشێوە و لێکچوی یەکترین. زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە مێژوی دراو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچوک (تورکیای ئێستا)دا (ancientgoldcoins. 2016. online). یەکێک لەوانە Half Stater of (electrum)ە، کە تێکەڵەیەکی زەردی کاڵ و سروشتییە لە زێڕ و زیو. ڕوی پێشەوەی دراوەکە هێڵی ئاڵۆزی نەخشێنراو یان "شەپۆل"ی هەیە، وا بیردەکرێتەوە کە هێمای ئاوی ڕژاو بێت. پێچەوانەکەی دو پەنجەی ئینکوز بەکاردەهێنێت، کاتێک ڕویدا کە دراوەکە زۆر لەمەوبەر لێدرا (شێوەی ٧)(ancientgoldcoins. 2022. online) .



(شێوەی ٧)

### ٣- چاپی كۆڵین لەسەر دار (Woodcut):

مێژووەكەی لە شانشینی هان لە چین دەستیپێكردوە. سەرەتاییترین نمونەی ناسراو چاپیدارە لەسەر ئاوریشم كە لە نەخشاندن و دیزاینكردنی جلوبەرگدا بەكارهاتوە، پاشان لە سەردەمی شانشینی هاندا لە ساڵی ٢٠٦ - ٢٢٠ پ.ز. و دواتریش شانشینی تانگ لە چین (٦١٨ -٩٠٦) و شانشینی سۆنگ (٩٦٠-١٢٧٩)، ئەمانە لوتكەی گەشەپێكردنی چاپی داربلۆك و جۆری جوڵاوبون كە توانای بڵاوكردنەوەی دەقی جۆراوجۆر و بڵاوكردنەوەی زانیاری و خوێندەواری هەبو. (زانایان پێیان وایە كە چاپی دار بۆ یەكەمجار لە چین لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ دەر كەوتوە، ڕەنگە ئیلهامەكەی لە بەكارهێنانی زۆر كۆنتری مۆری برۆنزی یان بەردەوە وەرگرتبێت بۆ دروستكردنی كاریگەری لەسەر گڵ و ئاوریشم، هەروەها پراكتیزەكردن و ڕەنگاوڕەنگكردنی دەقە نوسراوەكان لە ڕیلیفی برۆنز و بەرد و پرۆسەی چاپی بلۆك لەسەر كاغەز لە كۆتایی شانشینی تانگدا لە چین تەواو بو)(Asianart museum. 2024. online) .

یەكەمین چاپ لەسەر كاغەز لە ماوەی سەدەی حەوتەمدا ئەنجام درا. فۆرمی ڕەسەنی چاپكردن و تەختەیەكی بچوكی دار وەك ماتریكس-كلێشەیان بەكاردەهێنا. نەخشاندن و نوسینەكان لەسەر بلۆكەدارینەكان هەڵدەكۆڵرا و پاشان ڕەنگدەكرا و كاغەز یان ئاوریشمی لەسەر دادەنرا و لە ڕێگەی پەستانەوە چاپدەكرا. یەكێك لە یەكەمین كتێبەكان لە مێژودا كە بە چاپی كۆڵین لەسەر دار چاپكرا؛ لەبەرگیراوەی كتێبی (Diamond Sutra) بو لە ٨٦٨ زایینی (شێوەی ٨)، كە ئەویش كتێبێكی شەش لاپەڕەیی بو و درێژییەكەی زیاتر لە پێنج مەتر دەبو. لەم دواییانەدا پاگۆدایەكی كۆری دۆزرایەوە كە دەقێكی كۆنتری تێدایە، مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٧٥٠-٧٥١ی زایینی (Howard Hotson. 2018. online).



(شێوەی ٨)

## توێژگەی دوەم

## بەرجەستەبونی هونەری ئیلستەرەیش و گرافیك لە هەرێمی كوردستان

هەرێمی كوردستان ناوچەیەكە كە دەكەوێتە ناو جوگرافیایی سێگۆشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، بەم هۆیە بەشێك بوە لە داهێنان و گەشەسەندنەكانی مێژوی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی میسۆپۆتامیا. "شوێنەوارەكانی كوردستان ئەوە دەگەیەنن كە سەرەتاكانی نیشتەجێبون، شۆڕشی كشتوكاڵ، ماڵیكردنی ئاژەڵ و نوسین لەو وڵاتەدا ڕویداوە. ئەم شوێنەوارانە لە سەرانسەری كوردستاندا هەن، بەڵام ناوچەیەكی تایبەت هەیە كە ئەو تێدایە كە ئەفسانە و ئاین و

داستانەکانی لەگەڵدایە ئەو ناوچەیە وەک سێگۆشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی خۆی دەخاتەڕو لە هەمانکاتدا ناوچەکە بەستراوەتەوە بە بنەچەی ئەفسانەی لەدایکبونی نەتەوەی کوردەوە" (سۆران. ٢٠٢٢، ٥١-٥٢).

هونەر لە هەرێمی کوردستان مێژویەکی دێرینی هەیە. گەشەسەندنی لە قۆناغە مێژوییەکاندا تاڕادەیەکی زۆر دیاریکراوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانە کە لە نیوەی ئەم قۆناغانەدا گاپێکی گەورە دێتە پێشەوە کە لە کاری میناتۆرەوە بۆ نیگارکێشان کە ئەویش لە هونەری شێوەکاریدا بە گەورەی هەستی پێدەکرێت بەهۆی نەبون و نەمانی بەرهەم و کارانەی لەو قۆناغانەدا. کە لەسییەکانی ساڵانی ٦٠٠ زاینی بەدواوە هەرێمی کوردستان وردەوردە دەکەوێتە ژێردەسەلاتی عەرەب و نوسین و زمانی عەرەبی و کولتور و هونەری ئیسلامی لەناو کورداندا بڵاودەبێتەوە و بەهەمان شێوەش ئاینی ئیسلامیش کاریگەی خۆی بەسەر دابونەریت و کولتور و ژیانی رۆحی کورد جێهێشتوە (پیرباڵ. ٢٠٠٦، ٦٢-٦٣).

کاریگەری ئەم دەسەلاتە ئایینیە هۆکارێکبوە کە هونەر بەرەو لاوازبون و دابڕان بەرێت. ئەم کاریگەرییە بەردەوام دەبێت تا ڕوخانی دەسەلاتی ئیسلامی عوسمانیەکان و دەستبەسەردا گرتنی عێراق لەلایەن بەریتانییەکان. لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا لە ناوچەکە دوبارە دەرگا بۆ هونەرەکان دەکرێتەوە و لە نێویاندا کە هونەری شێوەکارییە، بۆیە دەبینین ئەوگاپەی لەم مێژوەدا دروستبوە بەهۆکاری دەسەلاتی ئیسلامی لەسەر ناوچەکە و دوبارە گەڕانەوەی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان هۆکارێکە مێژوی هونەری کوردی بازدانێکی گەورەی پێوەدیارە و لەم قۆناغەدا هونەر کاریگەری شێوازی ڕۆژئاوایی لەسەر دروست دەبێت لە ڕوی شێواز و تەکنیک و بابەتەوە. بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە "هەمیشە دو جۆر باگراوەندی کولتوری لە کایەی هونەرییە جیاوازەکانی کوردستان ڕەنگیداوەتەوە، یەکەمیان هونەری میناتۆرییە کە چەند قوتابخانەیەکی تایبەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریان لەسەر کردوە، باگرەواندی دوەم ڕەنگدانەوەی هزری ئایدیالی بەتایبەتی هزری ئایینی سۆفیگەری بوە لەم ناوچانەدا، کە زیاتر ئاراستەی کارکردنیان بە ڕێبازی ئەبستراکت و ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم بوم" (ڕەسوڵ، وەهبی. ٢٠١٣، ٢٩).

پەیوەندی هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە مێژو و کولتوری دەوڵەمەندی ناوچەکەدا دەبینرێت. چاپ و وێنەکێشان بۆ چەندین سەدە بۆ بەڵگەنامەکردنی مێژو و نەریت و میراتی کولتوری گەلی کورد کەڵک وەرگیراوە. گەلی کورد خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی کولتورییە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر و ئەم میراتەش لە ڕێگەی چەندین شێوەی هونەرەوە دەربڕدراوە، لەوانە چاپ و وێنەکێشانی کتێب. هەرچەندە بە وردی هێڵی کاتیی بەدواداچون ئەستەمە لە کاتێکدا کە پێوەندی تایبەت لە نێوان چاپەمەنی و هونەری وێنەکێشان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە باشی بەڵگەی لەسەر نییە، بەڵام ڕونە کە هەردو دیسیپلینەکە مێژویەکی دەوڵەمەند و هەمەچەشنیان لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها بەردەوامن لە فۆرمێکی گرنگی دەربڕینی هونەری.

چاپ و وێنەکێشان بە درێژایی مێژو لە زۆرێک لە کولتورەکاندا فۆرمێکی هونەری گرنگ بوە و پێدەچێت هونەرمەندان لە کوردستانی عێراقدا ماوەیەکی زۆرە ئەم دیسیپلینانە پراکتیزەبکەن. لەڕاستیدا ناوچەکە نەریتێکی دەوڵەمەندی هونەری دیکۆرات و وێناکردنی هەیە، لەوانە خۆشنوسی، کتێبە دەستنوسەکان و نیگارکێشانی بچوک. تەکنیکە تەقلیدییەکانی چاپکردن، وەک چاپی کۆڵین لەسەر دار بۆ چەندین سەدە لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی چەندین مادەی چاپکراو، لەوانە دەقی ئاینی، کەلوپەلی دیکۆرات و تەنانەت کارتی یاریکردن. ئەم تەکنیکانە بۆ دروستکردنی بەرهەمی وێنادارش هاتوە، وەک دەستنوسی وێنادار یان کتێبی وێناکراو. جگە لە چاپکردن، وێنەکێشانی کتێبیش ڕۆڵێکی گرنگی لە هونەر و کولتوری کوردیدا هەبوە. گەلی کورد خاوەنی نەریتێکی دورودرێژی چیرۆکگێڕان و شیعر

بوە و ئەمەش لە هونەری کتێبی ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبوە. دەستنوسە وێنەکێشەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا و زۆرێک لەو بەرهەمانە وێناکردن و خەتخەتی ئاڵۆزیان تێدایە. لەم دەیان ساڵەی دواییدا هونەری چاپ و وێنەکێشان لە کوردستانی عێراقدا زیاتر بوەتە جێی بایەخ و زۆرێک لە هونەرمەندان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان و گەڕان بەدوای میراتی کولتوری خۆیان ئەو میدیایانە بەکاردەهێنن. تەکنیکەکانی چاپکردن وەکو چاپی کۆڵین لەسەر دار و چاپی لاینۆ بەتایبەتی بەناوبانگ بون و زۆرێک لە هونەرمەندان ئەم تەکنیکانەیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی چاپ کە دیدگای هونەری ناوازەی خۆیان پیشان دەدات.

هونەرمەندانی کورد دەستیان کرد بە تاقیکردنەوەی میدیا و تەکنیکی نوێ بۆ دەربڕینی ناسنامەی کولتوری و ململانێی سیاسی خۆیان کردوە. بە گشتی چاپی گرافیک و هونەری ئیلسترەیشن ڕۆڵێکی گرنگی لە دەربڕینی ڕۆشنبیری و هونەری گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبوە. ئەم میدیایانە بۆ گەڕان بەدوای بابەتگەلێکی پەیوەست بە شوناس و مێژوی کورد، هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە کولتور و خەباتی کورد کەڵک وەرگیراون.

لە سەردەمی هاوچەرخدا هونەری چاپ و وێنەکێشان شانبەشانی فۆرمەکانی تری هونەری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا گەشەیان کردوە، کە لە ژێر کاریگەری بزوتنەوە هونەرییە جیهانییەکان و نەریتە کولتورییە ناوخۆییەکان بون. ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و ڕێکخراوە هونەرییەکان لە ناوچەکەدا هەن کە بەدوای ئەگەرەکانی چاپکردن و وێنەکێشاندا دەگەڕێن، و ئەم دیسیپلینانە دەخەنە ناو کارەکانیانەوە. یەکێک لە ڕێگاکانی بینینی پەیوەندی نێوان هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیە لە کارەکانی تاکە هونەرمەندان و ئەو بابەتانەی کە لێیاندەکۆڵنەوە. بۆ نمونە هەندێک لە هونەرمەندانی کورد لە تەکنیکی چاپکردن بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی بەرهەمی بارگاویی سیاسی کە کۆمێنت لەسەر مێژو و دۆخی ئێستای گەلی کورد دەکەن. هەندێکی تر تەکنیکەکانی وێناکردن بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی وێنە کە ئاهەنگدەگێڕن بۆ کولتور و نەریتی کوردی.هەروەها لێکۆڵینەوە لەو کەرەستە و تەکنیکانەیە کە هونەرمەندان لە ناوچەکەدا بەکاریانهێناوە.

لە کولتوری کوردیدا هونەری ئیلسترەیشن بۆ وێناکردنی چیرۆک و ڕوداوە مێژوییەکان، نەریتە کولتورییەکان چیرۆکە ئەفسانەیی و نەریتییەکانی ناوچەکە، دەقی کتێبە شیعری، بەرگی کتێب و گۆڤارەکان، کاری دەستی چنین و چیرۆک و نەخشی سەر فەرش و کەلوپەلەکانی ڕازاندنەوە بەکارهاتوە. زۆرجار ئەم وێناکردنانە دیزاین و نەخشی ورد و ئاڵۆزیان تێدایە، کە ڕەنگدانەوەی نەریتە هونەرییە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەیە. لە فەرهەنگی کوردیدا زۆرجار بۆ وێناکردنی دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانە و ڕوداوە مێژوییەکان و چیرۆکە ئەفسانەییەکان، چاپکردن و هونەری وێنەکێشان بەکاردەهێنرێت. فۆڕمی هونەر لە نزیکەوە پەیوەستە بە نەریتە زارەکییە دەوڵەمەندەکان و میراتی کولتوری ناوچەکەوە و زۆرجار وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستن و گواستنەوەی ئەم میراتە بۆ نەوەکانی داهاتو بەکاردەهێنرێت. بەرجەستەبونی هونەرەکانی ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لەناو کار و بەرهەمە هونەرییەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانین بە چەند قۆناغێک بخەینەڕو.

## ١- قۆناغی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا

لە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی سنوری میسۆپۆتامیادا بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردییەکانی کە کورد تێیدا نیشتەجێبوە، بێبەش نەبوە لەو کارو بەرهەمودۆزراوە و گەشەسەندنانەی لەوسەردەمانەدا ڕویان داوە. نمونەیەک لەوانە ئەو مۆرە لولەییانەی کە بناغەی دەستپێکی چاپ دادانرێن و ئێستا بەشک لەو دۆزراوانە لە مۆزاخانەی سلێمانی و

مۆزەخانەی بەغداد نمایشكراون. یەكێك لەو نمونانە لە ساڵی ٢٠١٢ مۆرێكی سلندەرە كە لە نزیک شاری سلێمانی لەلایەن تیپی فەرەنسی لە كۆمپانیای تێل كونارا دۆزرایەوە. مێژوی مۆرەكە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین. كاریگەرییەكە خوداوەندێک ئاشكرادەكات (كە كاپێكی سەری قۆچدار لەبەردایە) كە لەسەر كورسییەک دانیشتوە. پێش خوداوەند مێزێكی نزم هەیە و وادیارە ٢ شت لەسەر مێزەكە بێت. خوداوەندەكە سڵاو لە ٢ فیگەری نێری وەستاو دەكات. لە نێوان فیگەرە وەستاوەكاندا ئەستێرەیەک هەیە (شێوەی ٩)(Osama. 2015. online).



(شێوەی ٩)

بەكارهێنانی هونەری چاپ و وێنەكێشان لە كوردستانی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی كۆن، لەگەڵ نمونەی چاپی سەرەتایی و هونەری وێنەكێشان كە لە شوێنەوارەكانی سەرتاسەری ناوچەكەدا دۆزراوەتەوە. نمونەیەكی دیار شاری دێرینی هەولێرە كە مێژویەكی دەوڵەمەندی هونەر و ڕۆشنبیری هەیە كە مێژوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر. گەلی كورد خاوەنی نەریتێكی بەهێزی چیرۆكگێڕانی زارەكییە و فۆلكلۆر و ئەفسانەیان سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئیلهامبەخشن بۆ چاپخانە و وێنەكێشانی كورد. زۆرێک لەو چیرۆک و ئەفسانانە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر گوازراونەوە، بەشێكی گرنگی شوناسی كولتوری كوردن. جگە لە پاراستنی میراتی كولتوری، چاپخانە و وێنەكێشان وەک ئامرازێكی دەربڕین و بەرخۆدانی سیاسیش بەكارهێنراوە. بۆ نمونە لە كاتی گێژاوی سیاسیدا، هونەرمەندانی كورد لە كارەكانیان بۆ ڕاكێشانی سەرنج بۆ پرسەكانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ كەڵكیان وەرگرتوە. بەگشتی چاپخانە و هونەری وێناكردنی كوردی لایەنێكی گرنگی میراتی كولتوری ناوچەكەن، و بەردەوامن لە ڕۆڵێكی گرنگ لە پاراستن و گواستنەوەی ئەو میراتە بۆ نەوەكانی داهاتو.

## ٢- ئیلسترەیشن لە هونەری نەریتی كوردیدا

زۆرێک لەو كارە مێژوی و هونەرە نەریتیانەی لە ناوچە كوردییەكاندا بونیان هەبوە، لە ئەمرۆدا زۆر بەڕونی دەتوانین بڵێین كە بەشێكن لە گەشەسەندنی هونەری ئیلسترەیشن لە ناوچەكەدا. لەوانە دیاترین كار كە لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی گەورە دەبینرێت و لە ئەمرۆشدا بۆتە شاكارێكی جیهانی چیرۆكی (شاماران)ە. ئەم چیرۆكە ئەفسانەییە بنكەكەی بۆ ناوچەی ماردین لە كوردستانی باكور دەگەڕێتەوە و دەماو دەم نەوە لە دوای نەوە بۆ یەكریان گێڕاوەتەوە و وێنە و نیگار و نەخش و هەڵكۆڵینیان بۆ ئەم چیرۆكە بەرهەمهێناوە وكە تاكو ئێستا ماون و تەنانەت لە هەرێمی كوردستانی باشور تاكو ئەم ساڵانەی دوایش ئیلسترەیشنی شاماران بە تابلۆ و لەسەر سندوقی بوراق و هەندێک كەلوپەلی ناو ماڵ دەبینرا (شێوەكانی ١٠ و ١١)(Carrie Simpson. 2013. online).



(شێوەی ١٠)



(شێوەی ١١)

هەروەها سندوقی بوراق یەک بورە لە کەلوپەلانەی لە ناوماڵی کردیدا زۆر سودی لەوەرگیراوە و ڕوکارەکەی بە جۆرەها چیرۆک و کاری ئیلسترەیشنی لەسەر کێشراوە. کە شێوەیەکی لاکێشەی هەبوە و سێ دەرگای هەبوە بەشی پێشەوەی شوشەبوە و لەسەر ئەم شوشانە بە بۆیە ئیلسترەیشنی ئاژەڵی باڵدار و گوڵ و گوڵدان و طاوس و وێنەی ئافرەتیان لەسەر کردو. سندوقی بوراق ناوەکەشی لەوە لێنراوە کە بە زۆری وێنەی ئاژەڵی بوراقی لەسەر کێشراوە، کە میسۆدۆلۆجیایەکی کۆنە و وێنەی ئاژەڵەکی باڵدارە (شێوەکانی ١٢ و ١٣).



(شێوەی ١٢)



(شێوەی ١٣)

هونەری ئیلسترەیشن بە شێوەیەکی گشتی لە میدیای جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت لەوانە کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و میدیای جەماوەریی تر. لە کوردستاندا ڕەنگە هونەرمەندانی ناوخۆیی ئیلسترەیشن بەکاربهێنن بۆ وێناکردنی ڕوداوە ناوخۆییەکان، هەواڵەکان، یان چیرۆکەکانی پەیوەست بە کولتوری کوردی. ئەمرۆکە گەلێک هونەرمەندی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان سود لە هونەری گرافیک و ئیلسترەیشن وەردەگرن لە بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکانی خۆیاندا بەشێوە و کورەستەی جیاواز. لە گرنگترین ئەو هونەرمەندانەش دەتوانین ئاماژە بە (نیاز بەیاتی، ڕێبوار سەعید، بەهادین، شاد کامەران، عەونی سامی و هتد...) بدەین.

# بەشی سێیەم

# ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

## ١- کۆمەڵگای توێژینەوە:

سەرەڕای کەمی هونەرمەندان لە بواری هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، توێژەر سەرنجی خستوەتە سەر ژمارەیەک لەو کارە هونەرییە ئیلسترەیشنانەی کە گونجاون لەگەڵ توێژینەوەکە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، بەجۆرێک کە (٤) کاری هەڵبژاردوە لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢١).

## ٢- ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر لەشیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکەیدا پشتی بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەستوە، بەهۆی گونجانی تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا لە بواری هونەر.

## ٣- نمونەی توێژینەوە:


توێژەر لەم توێژینەوەدا (٤) کاری هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیکی هەڵبژاردوە بۆ شیکارکردن، بە جۆرێک کە لەگەڵ ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا یەکبگرێتەوە. لە شیکردنەوەی کارەکاندا پشتی بەستوە بە پێوەرە ئاماژەکان لەڕوی تەکنیک، پێکهاتە، فۆڕم و ڕەنگەوە. ئەم نمونانە یارمەتیدەرن بۆ توێژەر هەتا ڕاڤەیەکی شیکاری بۆ هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستاندا بخاتەڕو.

## ٤- ئامراز و کۆکردنەوەی زانیاری:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی نمونە هونەرییەکان پشتی بەستوە بەو کردە هونەریانەی کە لەلایەن هونەرمەندە کوردەکانەوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کاریان کردوە لەژێر ناونیشانی هونەری ئیلسترەیشن، بۆ ئەمەش پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە، کە توێژەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە هەریەکە لە کارە هونەرییەکان دەکات لە ڕوی (چاوپێخشاندن، سیستمی کۆمپۆزشن، تەکنیکی خستنەڕو، ژێدەرو واتا، ڕێباز و ستایل).

## شیکردنەوەی نمونەکان:

### ١- نمونەی یەکەم:




ناوی هونەرمەند: باسم ڕەسام

ناوی کارەکە: مەرگی تاقانەی دوەم

هونەری ئیلسترەیشنی بەرگی کتێب

ماتریاڵ: دیجیتاڵ

ساڵی بەرهەم هێنان: ٢٠١٣

پێوانە: دیاری نەکراوە

لە چاوپێخشاندنی کارەکەدا فۆرمێکی درێژکراوە بەرەو خوارەوە تێبینی دەکەین کە لە شێوەی پیاوێکی گەنج دەچێت کە لەسەر باگراوەندێکی ڕەساسی ڕەنگ وێناکراوە، ڕەنگێکی سور هاتوە بە سەر تەواوی ڕوخساری فیگەرەکەدا، بەشی سەرەوە و لای ناوچاوانیشی بە ڕەنگی سپی داپۆشراوە کە تیایدا کۆمەڵێک هێما و ئامرازی تایبەت دەبینن کە شێوە دەرگا و پەنجەرەی کۆن نیشان دەدەن. لە سەرچاوەکانی فیگەرەکەدا دو فۆرم دەبینن کە شێوە گیاندارێک (سەگ) نیشاندەدەن و بە ڕەنگی ڕەش وێناکراون کە لە هاوارکردندا و شێوەی ڕوخساری بەرەو سەرەوەیە. لە بەشی خوارەوەی تابلۆکەشدا فۆرمێکی ڕەنگی زەرد دەبینین کە لە شێوەی خۆر دەچێت، چوار جار بەرەو خوارەوە دوبارەکراوەتەوە. لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا نوسینێک هەیە بە گەورەیی کە بارستایەکی گەورە لە تابلۆکەی داگیرکردوە، جێی ئاماژەیە کە ئەم کارە هونەرییەی هونەرمەند باسم ڕەسام بۆ بەرگی کتێبی ڕۆمانی نوسەری گەورەی کورد بەختیار عەلییە بە ناونیشانی (مەرگی تاقانەی دوەم). لەسەر ئەم نوسینانەشەوە سێ ڕەنگ دەبینین، کە ڕەنگی سپی و زەرد و لە نێوانیاندا پەڵە ڕەنگێکی ڕەشە کە ئەمە ڕەنگە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و گونجاندنی کارەکە لە ڕوی دیزاینەوە لەگەڵ پێکهاتە و ناوەڕۆکی کتێبەکەدا.


لە ڕوی داڕشتنەوە کارەکە داڕشتنێکی شێوە سێگۆشەیی هەیە کە لوتکەی سێگۆشەکە بەرەو خوارەوەی تابلۆکە درێژکراوەتەوە، بە تەواوی سەرجەم کوتلەکانی تابلۆکە دەکەونە ناوەندی کارە هونەرییەکەوە، وا دیارە کە ئەم جۆرە داڕشتنە خزمەتێکی تەواو بە دەرخستنی بابەتی تابلۆکە دەکات و هۆکاری سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ژێدەری کارەکە، واتە داڕشتنەکە بە شێوازێک داڕێژراوە کە سەرنجی بینەر لە ناوەندی کارەکەوە بەرەو خوارەوەی تابلۆکە ڕادەکێشێت.

لە جێبەجێکردنی کارەکەدا هونەرمەند پەنایبردوەتە بەر کەرەستەی دیجیتاڵ و بەهۆی بەرنامە تایبەتەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵیەوە توانیویەتی تابلۆکە بەرجەستە بکات، ئەمەش یەکێکە لە باوترین تەکنیکەکان لە هونەری هاوچەرخ بە گشتی و هونەری ئیلسترەیشنی سەردەمیانە لە جێبەجێکردنی بەرهەمە هونەرییەکاندا.

ژێدەر و ناوەڕۆکی کارەکە بەندە بە ناوەڕۆکی کتێبە ڕۆمانەکەوە، چونکە لە ڕاستیدا بەپێی ژێدەری کتێبەکە دیزاینی تابلۆکە کراوە و ڕێخستنی بۆ کراوە، بەڵام بەشێوەی گشتی وەک لە کارەکەدا دیارە دەتوانین ژێدەر بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ئازار و نارەحەتییانەی کە مرۆڤ بە درێژایی ژیان دوچاری دەبێتەوە وەک (مردن، نائومێدی، ترس، بێتاقەتی و هتد...). خودی باگراوەندە ڕەساسیەکە بە تەواوی خزمەتی ژێدەری کارەکەی کردوە کە ئاماژەیە بە ناسەقامگیری و بێ ئومێدی. تابلۆکە بە تەواوی لە کارێکی تراژیدیا دەچێت کە ئەمەش دەتوانین بەپێی ناونیشانی کتێبەکە هەستی پێبکەین، چونکە لە هونەردا بەگشتی و لە هونەری هاوچەرخدا بەتایبەتی ناو و ناونیشانی تابلۆ خزمەتێکی زۆر بە بینەر دەکات کە باشتر بتوانێت لەژێردەری کارەکە تێبگات. لەڕوی ڕەنگەوە دەتوانین بڵێین کە تابلۆکە بە تەواوی کۆنتراستە لە نێوان ڕەنگە تاریک و ڕوناکەکاندا، هەروەها ڕەنگە جیاوازەکاندا.

هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی کارەکەدا ڕێبازی تەعبیری هەڵبژاردوە کە ئەمەش خزمەتێکی گەورەی بە کۆنسێپتی کارەکە کردوە، چونکە ڕێبازی تەعبیری وەک بە ناوەکەیدا دیارە تەعبیر لە بابەتگەلێک دەکات کە ژیانی مرۆڤایەتی پێوە سەرقاڵ بوە، ئەمە تەنها لە ڕوی فۆرمەوە نا، بەڵکو لێرەدا هونەرمەند بە هۆی بەکاربردنی کۆمەڵێک ڕەنگی تایبەتیەوە توانیویەتی زۆر کارامەییانە ئەم ڕێبازە بەرجەستە بکات.

## ٢- نمونەی دوەم:



ناوی هونەرمەند: ئەحمەد نەبەز

ناوی کارەکە: ماسکە ڕەشەکان

هونەری ئیلسترەیشنی دیجیتال

ماتریاڵ: فۆتۆ، دیجیتاڵ

ساڵی بەرهەمهێنان : ٢٠١٤

پێوانە: دیارینەکراوە

لە چاوپیاخشاندنی کارەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم بەرهەمە هونەرییەکە پێکهاتوە لە کۆمەڵێک فۆتۆ کە لە سات و شوێن و ڕۆگەی جیاوازی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی وێناگیراون، پێکهاتوە لە فیگەرێک کە جلێکی درێژی ڕەنگ سپی لەبەر دایەوە و بە ڕەنگی ڕەش و هێمای جیاواز داپۆشراوە، فیگەرەکە وەستاوە کە ڕوخساری بە ڕەنگی ڕەش داپۆشراوە، باگگراوەندی تابلۆکە بە ڕەنگی سور و ڕەش پڕ کراوەتەوە، بەشی خوارەوەشی لە شێوەی گیا و چیمەن نەخشێنراوە.

لە ڕوی سیستمی کۆمپۆزشنەوە دەتوانین بڵێین، کە کارەکە لە شێوەی داڕشتنی هەرەمی داڕێژراوە بە شێوەیەک کە سەری گەڕەمەکە بەرەو لای سەرەوەیەوە بە شێوەی داڕشتنی کراوە، ئەمەش وا لە بینەر دەکات خۆی ببێت بە بەشێک لە کارەکە لە ڕوی تەواوکردنی داڕشتنە. بە شێوەیەکی گشتی داڕشتنی کارەکە لە سێ بەش پێکهاتوە کە ئەوانیش بریتین لە فیگەری سەرەکی کە دەکەوێتە چەقی تابلۆکە و باگگراوەند کە بەشی پشتەوەی فیگەرەکەی بە تەواوی پڕکردوەتەوە و بەشی خوارەوە کە یەک لەسەر شەشی تابلۆکەی داگیرکردوە.

لە ڕوی تەکنیکەوە ئەم کارە پێکهاتوە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک فۆتۆی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری کە بە شێوەی کۆلاج پێکەوە لکێندراون و دواتر لە ڕێگەی بەرنامە و کەرەستە دیجیتاڵیەکانەوە ئاوێتەی میدیۆمی نیگکارکێشان کراون و بە شێوەی هونەری دیجیتاڵی خراونەتەڕو، بەم هۆیەشەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم کارە هونەرییە دەچێتە خانەی کارێکی هونەری دیجیتاڵی و هاوچەرخەوە. کارەکە بە تەواوی کۆنتراستە لەڕوی ڕەنگەوەو کە ئەوانیش ڕەنگە سارد و گەرم هەروەها ڕەنگە سپی و ڕەشەکان.

ژێدەری کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداو و بابەتە کەلتوری و نەتەوایەتییەکان، ماسکەکان کە تێمای سەرەکی کارە هونەرییەکان پێکدێنن، ڕۆڵییان هەیە لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێکی ئازاربەخش بۆ مرۆڤە بێ شوناسەکانی نەتەوەی کورد کە بەهۆی ململانێی سیاسی، ئایینی، نەتەوەییەکانەوە دوچاری دابەشکردن و داگیرکردن و لەدەستدانی ناسنامەی کەسی و نەتەوەیی بونەتەوە، ئەمەش توشی جۆرێک لە خود نامۆیی کردون بەرامبەر بە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان.

ڕێبازی کارەکە بە تەواوی ڕێبازێکی تەعبیرییە کە ئەم ڕێبازە یەکێکە لە باشترین ڕێبازەکان کە خزمەت بە ژێردەری کارەکە بکات کە هونەرمەند بە هۆی شارەزایی و توانای هونەری تایبەتییەوە توانیوێتی زۆر کارامەییانە سود لە تەکنیک و فۆڕمەکانی ئەم ڕێبازە وەرگرێت و بیخاتە خزمەت ژێردەر و واتای کارەکەیەوە.

## ٣- نمونەی سێیەم:




ناوی هونەرمەند: هارون محەمەد یونس

ناوی کارەکە: کەرەستەکانی ماڵی بابا یاگا

نمونەی هونەری ئیلسترەیشنی چەمکی

ماتریاڵ: دیجیتاڵ

ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٢٠

پێوانە: لەبارە بۆ گۆڕین بەپێی گونجاوی قەبارەی بەرهەمەکەی لەسەری چاپدەکرێت.

لە چاوپیاخشاندنی ئەم کارە هونەرییەدا تێبینی کۆمەڵێک فۆڕمی جیاواز و تایبەت دەکەین کە بە تەواوی بارستایی کارەکەیان داگیرکردوە، لە بەشی چەپی تابلۆکەدا دەرگایەک وێناکراوە کە لەسەرەوە بەرەو خوارەوە درێژبۆتەوە، بەشی ڕاستیشکراوە بە سێ تەوەری یەکسانەوە کە لە هەر یەکەیاندا کۆمەڵێک کەرەستە و فۆڕمی جیاواز وێناکراون لەوانەش (کتێب، مۆم، چەقۆ، قۆری، و هتد...)، لە بەشی سەرەوە و لای ڕاستی تابلۆکەش سێ فیگەر دەبینین کە یەکیان گەورەترە لە ئەوانی دیکە لە ڕوی قەبارەوە و جیاوازە لە ڕوی فۆڕمەوە کە بۆنەوەری ئاسمانیمان بەبیردەهێنێتەوە، دو فیگەرەکەی دیکە هاوشێوەن لە ڕوی فۆڕم و پێکهاتەوە کە یەکێکیان لە ناو شوشەیەکدا زیندانی کراوە.

لەڕوی دارشتنەوە دەتوانین بڵێین، کە ئەم کارە هونەرییە دارشتنێکی هەرەمەکی هەیە، هەرەمەکی بە واتای نەزانین یاخود ناشارەزایی لە یاساکانی دارشتندا نا بەڵکو بە واتای ئەوەی کە دارشتنی کارەکە دیاریکراو نییە و فرەڕەهەندە و فۆڕم و فیگەرەکان بەتەواوی بە سەر سەرجەمی ڕوکاری کارەکەدا دابەشکراون و چاوی بینەر بەرەو تەواوی ڕوکاری تابلۆکە ڕادەکێشن.

تەکنیکی جێبەجێکردنی کارەکە بریتییە لە میدیۆمە دیجیتاڵیەکان و بەرنامەکانی کۆمپیوتەر کە هونەرمەند لە ڕێگای ئەم بەرنامانەوە توانیویەتی زۆر کارامەییانە بەرهەمە هونەرییەکە بهێنێتە بون. لە ڕێی ڕەنگەوە تابلۆکە هارمۆنییە بە ڕەنگە ساردەکان، بەڵام لە ڕوی فۆڕمەوە کۆنتراستە بەوەی کە هونەرمەند هەستاوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک فۆڕمی جیاواز و واتادار.

دیاریکردنی ژێدەر لەم کارەدا تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە بە هۆی فرەڕەهەندی تابلۆکەوە کە ڕەنگە هەریەک لەم ڕەهەندانە واتای تایبەتی خۆی هەبێت لای هونەرمەند، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک فۆڕمی تایبەت کە زیاتر لە فۆڕمی ڕۆژهەڵاتی دەچن و هەروەها کۆمەڵێک تێکستی دیار لە کارەکەدا دەتوانین بڵێین، کە ئەم کارە هونەرییە زیاتر لە کارێکی هونەری ئیلسترەیشنی چەمکی و ڕیکلامیدا خۆی دەنوێنێت.

ئەو ڕێبازانەی کە هونەرمەند لەم کارەدا بەکاریهێناون بریتین لە ڕێبازی ڕیالیزمی و تەعبیری، هونەرمەند هەستاوە بە نیگارکێشانی چەندین فۆڕمی دیار لە کارەکەدا بە شێوازی واقیعی و هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێما و ئامرازی تایبەتەوە ویستویەتی تەعبیر لە بابەتگەلێک بکات کە پەیوەستن بە کۆنسێپتی بەرهەمەکەوە، بەڵام بە شێوەیەکی

گشتی بە هۆی شێوازی دارشتن و بەکارهێنانی فۆڕمی تایبەت و هەروەها فرەڕەهەندی کارەکە و کەرەستەی تایبەتەوە کە میدیا نوێیەکان ودیجیتاڵە دەتوانین بڵێین، کە کارەکە دەچێتە قاڵبی کارێکی هونەری کۆنسێپشواڵەوە.

## ٤- نمونەی چوارەم:




ناوی هونەرمەند: شاد کامەران

ناوی کارەکە: بولبولی شەیدا

نمونەی هونەری ئیلسترەیشنی دیجیتاڵی

ماتریاڵ: دیجیتاڵ

ساڵی بەرهەم هێنان : ٢٠٢١

پێوانە: ٢٠٤٨X٢٠٤٨ پێکسڵ

لە چاوپێاخشاندنێکی خێرای کارە هونەرییەکەدا تێبینی فیگەرێک دەکەین لە بەشی خوارەوەی لای ڕاستی تابلۆکەدا کە لە شێوەی کوڕێکی گەنجدایە کە سەری بەرەو لای سەرەوە بەرزکردوەتەوە، هونەرمەند بە هۆی هێڵێکی ڕەشی پانەوە کە بە سەرچاوی فیگەرەکەدا هاتوە توانیویەتی واتایەکی تایبەت بەکارەکە ببەخشێت لە ڕوی ئیستاتیکییەوە. فیگەرەکە دەمی کراوەتەوە و لە دەمیەوە کۆمەڵێک قەلەڕەش هاتونەتە دەرەوە و بەرەو لای چەپ و لای سەرەوەی تابلۆکە لە فڕیندان. لە بەشی خوارەوە کارە هونەرییەکە هونەرمەند بە هۆی هێڵێکی باریکەوە تابلۆکەی بۆ دو بەش جیاکردوەتەوە، بەشی خوارەوە ئاماژەیە بۆ زەوی و یەک لەسەر سێی تابلۆکەی داگیرکردوە، بەشی سەرەوەش شێوە ئاسمان نیشان دراوە کە دو لەسەر سێی تابلۆکەی داگیرکردوە. لەسەر جەستەی فیگەرەکە چەند دێڕێک لە شیعرێکی هونەرمەندی گەورەی کورد عەباسی کەمەندیی نوسراوە کە ئەمەش ڕەنگە واتا و تایبەتمەندی خۆی هەبێت لە لای هونەرمەند بۆ زیادتر خزمەتکردنی کۆنسێپتی کارەکە.

لە ڕوی دارشتنەوە ئەم کارە هونەرییە دارشتنێکی کراوەی هەیە و سنورەکانی دیاریکراو نین، بە جۆرێک بارستایی کارەکە دەکەوێتە لای ڕاستی تابلۆکەوە و بەرەو سەرەوە و لای چەپ درێژدەبێتەوە، لەگەڵ بونی بەشێکی زۆر لە بۆشایی کە هونەرمەند بە مەبەست لە خزمەت زیاتر دەرخستنی کۆنسێپتی کارەکەدا سودی لێوەرگرتوە. کارەکە هارمۆنییەکی تەواوی پێوە دیارە کە هونەرمەند هەوڵی داوە ئەم هارمۆنیە لە نێوان ڕەنگە سارد و ڕەساسیەکاندا جێگیر بکات، بە جۆرێک کە زۆر نزیکە لە کارێکی هێڵکارییەوە، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی کەمترین ڕەنگ لە کارەکەدا و جیاکردنەوەی سکێچەکان بە هێڵی ڕەش و هەروەها بەکارهێنانی کۆمەڵێک تۆنی تاریک لە چەند بەشێکی تابلۆکەدا. هونەرمەند زۆر بە جوانی و کارامەیی بە هۆی کاڵ و تۆخکردنەوەی بەشێک لە فۆرمەکان توانیویەتی قوڵییەکی جوان بەکارەکە ببەخشێت بەتایبەت لە بەشی سەرەوەدا.

کارەکە بە تەواوی کارێکی دینامیکییە، جوڵەیەکی تەواو لە کارەکەدا دەبینین کە چاوی بینەر بەرەو لای چەپ و لای سەرەوەی تابلۆکە ڕادەکێشێت. هونەرمەند شاد کامەران هونەرمەندێکی لاو و زۆر شارەزای میدیا نوێیەکانە، لەبەرئەوە لە کارەکانیدا هەمیشە هەوڵدەدات سود لە میدیا نوێکان وەربگرێت کە زۆر سەردەمیانە و زیاتر بابەتی دیجیتاڵین، لەم کارەشیدا سود لە مەتریاڵی دیجیتاڵ و پرۆگرامە تایبەتەکانی کۆمپیوتەر وەرگرتوە.

کارەکە تارادەیەک ئاڵۆزە لە ڕوی ژێردەرەوە، یاخود دەتوانین بڵێین کە فرەواتایە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند ڕێبازی تەعبیری بەکارهێناوە لەبەر جەستەکردنی کارەکەدا، ئەم ڕێبازەش واتای زۆر دەدات بەدەستەوە لەلای بینەر و هەر بینەرێک بۆ خۆی بەپێی ئاستی مەعریفی خۆی دەتوانێت واتا بە کارەکە ببەخشێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ژێردەری کارەکە بگەڕێنینەوە بۆ بێزاری و نائارامی لە ژیاندا بەتایبەت لە ژیانی گەنجی کورددا، کە دەیەوێت هاوار بکات و خۆی ڕزگاربکات لە سەرجەم ئەو نەهامەتی و بێزارییانەی ژیان.

## ئەنجامەکان

١- چاپی گرافیک و هونەری ئیلسترەیشن، دو شیوازی هونەری شێوەکارین کە مێژویەکی ئێجگار دورودرێژ و دەوڵەمەندیان هەیە بە تێپەڕبونی کات پەرەیانسەندوە و لە پەیوەندییەکی نزیکدان. ئامانجی هەردو فۆڕمە هونەرییەکە بریتییە لە گەیاندنی بیرۆکە و چەمکەکان لە ڕێگەی وێنەوە، هەروەها هەردوکیان پێویستییان بە پلەیەکی بەرزی لێهاتویی تەکنیکی تایبەتی هەیە.

٢- هونەرمەندانی کوردستان بەسودوەرگرتن لە بەکارهێنانی گشت تەکنیکەکانی بواری هونەری گرافیک و ئیلسترەیشن لە کارە هونەرییەکانیاندا بەرهەمەکانی خۆیان دەهێننە بون، هەروەها بەشێکی زۆر لە کارە هونەرییە هاوچەرخەکانیان بەسودوەرگرتن لە کەرەستە و میدیای نوێ ئەنجام دەدەن.

٣- ژێدەر لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستاندا دیاریکراو نییە، بەڵکو لە بەرجەستەکردنی ڕەهەندی جیاوازدا سود لە هونەری ئیلسرەیشن و چاپی گرافیک وەردەگرن.

## دەرەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە.

١- هونەری ئیلسترەیشن و گرافیک لە ڕوی بەرجەستەکردنی بابەت و ناوەڕۆکەوە، بۆتە بەشێکی کارا لە هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، بە جۆرێک کە تەنیا هۆکارێک نییە بۆ لایەنی ئیستاتیکی، بەڵکو هاوتەرییە لەگەڵ بابەتی مرۆیی و نەتەوەیی و کەلتوری.

٢- ڕوانگەو دەلالەتی گوزارشتکردنەکان جیاوازن بەپێی سەردەمەکان لە بونیادنانی کارە هونەرییە گرافیکی و ئیلسترەیشنەکانی هەرێمی کوردستان.

٣- شێواز و تەکنیک و ڕەنگەکان جیاوازن لە هونەری ئیلسترەیشن و چاپی گرافیک لە هەرێمی کوردستاندا.

٤- هونەری چاپ بە گشتی و هونەری ئیلسترەیشن بەتایبەتی بەدرێژایی مێژو خۆیان گونجاندوە لەگەڵ سەردەمەکاندا و بەپێی پێویستی سەردەمەکان توانیویانە لە بوارە جیاجیاکاندا گرنگی خۆیانیان هەبێت، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا کە ئەم دو فۆڕمە جگەلە بواری هونەری گرنگی تەواویان هەیە لە کایەی بازرگانی و بە بازاڕکردنی کاڵاکاندا.

## ڕاسپاردەکان

توێژەر هەندێک ڕاسپاردە دەخاتەڕو بەتایبەت لە بواری توێژینەوە لە هونەری گرافیک دیزایندا کە پێویستمان بە توێژینەوەی زیاتر هەیە و تەواوکەری ئەم توێژینەوەیەن، ئەوانیش:

١- ڕاڤەکردن و لێکوڵینەوە لە هونەری گرافیک و ئیلسترەیشن لە پاش ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا لە ڕوانگەی گۆڕانکارییە کولتورییەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- بەکارهێنانی میدیای نویَ لە هونەری گرافیک و ئیلسترەیشن بە لێکوڵینەوە لە بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستان.

٣- لێکوڵینەوە لە بنەماکانی هونەری گرافیک و ئیلسترەیشن و ناساندنی تەکنیکە سەرەکییەکانی چاپکردن لە بواری پیشەسازی دا.

## لیستی سەرچاوەکان


حەمە ڕەش، سۆران. ٢٠٢٢. مێژوی بزر و نەگێڕدراوەی کورد. سلێمانی.

پیرباڵ، فەرهاد. ٢٠٠٦. مێژوی هونەری شێوەکاری لە کوردستان. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر. بڵاوکراوەی دەزگای مێرک-شێوەکاری.

ڕەسوڵ، وەهبی. ٢٠١٣. جەدەلیەتی ناسنامەکان. چاپخانەی پیرەمێرد. سلێمانی.

محمد الصقر، اياد. ٢٠٠٣. فن الجرافيك. دار مجد لاوي للنشر والتوزيع. عمان.

فرج، عبد الكريم. ٢٠٠٨. فن الحفر والطباعه في اوروبا في القرن العشرين. دار نينوى. دمشق.

احمد، فتحي. ١٩٨٥. فن الجرافيك المصري. الهيئه المصريه العامه للكتاب. مصر.

عبد، م. محمد. م. نوري الدين. صديق، محمد. محمد، عدلي. ٢٠١٠. التصميم الجرافيكي بين لنظريه والتاريخ. عمان.

Suzuki,Jun and Tinios,Ellis .(2014). Understanding Japanese Woodblock-Printed Illustrated Books.

Antony Griffiths. ( 1996).Prints and Printmaking. Berkeley and Los Angeles. California. Britsh Miseum.

Elisha, Dorit. (2009). Printmaking+Mixed Media. Interweave Press. China.

Doyle ,Susan. Grove,Jaleen. Sherman,Whitney. (2019). History of Illustration. Published by Fairchild Books.

Saff, Donald. Sacilotto, Deli. (1978). Printmaking: History and Process. Publisher Holt. Rinehart and Winston.

Academy,Amanj.(2021). Available from:{HYPERLINK"https://amanjacademy.com/what-is-illustration-and-its-types/ "} Last accessed (17 June 2022).

What Is Art? History, Philosophy, Meaning."https://arydpo.com/what-is-art-history-philosophy-meaning/"} Last accessed (17 June 2022)

Cambridge, Dictionary.(2023). Available from:{HYPERLINK" https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/illustration"}Last accessed (04 march 2023).

Cambridge, Dictionary.(2023). Available from:{HYPERLINK" https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/graphic"}Last accessed (03 December 2023).

The Invention of Woodblock Printing in the Tang (618–906) and Song (960–1279) Dynasties. Asian Art Museum. Available from:{HYPERLINK" https://education.asianart.org/resources/the-invention-of-woodblock-printing-in-the-tang-and-song-dynasties/ "}last accessed (29 dec 2022).

Amin, Osama. (2015). New Discovery: Clay Tablet & Cylinder Seal from Tell Kunara, Iraq. World history. Available from:{HYPERLINK"https://etc.worldhistory.org/education/new-discoveries-tell-kunara-iraq-clay-tablet-cylinder-seal-3rd-millennium-bce/ "}Last accessed (09 Feb 2023).

History of Coins. ancient creations. Available from:{HYPERLINK“ https://www.ancientcreations.com/history-of-coins/ "} Lasta accessed (1 October 2022).

Book of the Dead.(2023)Britannica. Available from: {HYPERLINK" https://www.britannica.com/topic/Book-of-the-Dead-ancient-Egyptian-text"} Last accessed (05 Apr 2023).

Illuminated Manuscripts What Is an Illuminated Manuscript?.National Gallery of Art. Available from: {HYPERLINK" https://www.nga.gov/conservation/paper/manuscript-project.html "}last accessed (18 Jan 2023).

Shukir ,Osama(2016). Fragment from pyramid of king Pepi I. World History Encyclopedia. Available from: {HYPERLINK"https://www.worldhistory.org/image/4675/fragment-from-pyramid-of-king-pepi-i/"}Last accessed (04 Dec 2022).

Chow ,Nicolas. A Broken Chinese Seal Brings History To Life. Zolima City MAG. Available from: {HYPERLINK"https://zolimacitymag.com/chinese-seal-history-sothebys-nicolas-chow-qianlong-ming/"}last accessed (28 Feb 2023).

Sinha, Surabhi (2015). Kurdish rug. Britannica. Available from: {HYPERLINK" https://www.britannica.com/art/Kurdish-rug"}Last accessed (04 Dec 2022).

History of Printmaking. Tribeca Print Works. Available from: {HYPERLINK" https://www.tribecaprintworks.com/history-of-printmaking/ "}Last accessed (12 may 2023).

Umut, Ali(2005). Cultural And Enviromental Materials Reports. Catalhoyuk. Available from: {HYPERLINK" https://www.catalhoyuk.com/archive_reports/2005/ar05_30.html"}Last accessed (23 may 2023).

Taggart ,Emma(2020). Discover the 5 Types of Traditional Intaglio Printmaking Still Used by Artists Today.My Modern Met. Available from: {HYPERLINK" https://mymodernmet.com/types-of-intaglio-printmaking/#:~:text=There%20are%20five%20traditional%20intaglio,of%2Da%2Dkind%20prints"}Last accessed (01Aug 2023).

Kearney, Martha.( 2016). The Book of Kells.BBC culture. Available from: {HYPERLINK" https://www.bbc.com/culture/article/20160425-the-book-of-kells-medieval-europes-greatest-treasure "}Last accessed (18 Aug 2023).

Ancient Coin Timeline. Ancientcreations. Available from:{HYPERLINK“ https://www.ancientgoldcoins.com/ancient-coin-timeline"} Lasta accessed (11 October 2022).

What is printing? and various printing methods.(2023) Nigari nprint. Available from:{HYPERLINK“https://negarinprintco.com/variety-print-method/ "} Last accessed (01 Jan 2024).

Nikolay Kaloyanov. (2022). What is Illustration? {https://graphicmama.com/blog/what-is-illustration/"}Last accessed (07 march 2024).
Howard Hotson. (2018). Printing and salvation: The DiamondS Sutra, 868 CE {https://www.cabinet.ox.ac.uk/printing-and-salvation-diamond-sutra-868-ce"}Last accessed (08 march 2024).

---

1. ئەنتۆنی ڤۆگان گریفیتس، (لەدایکبوی ٢٨ی تەمموزی ١٩٥١)، کۆڕاتۆرێکی مۆزەخانە و مێژونوسی هونەری بەریتانییە، پسپۆڕە لە چاپ و وێنەکێشان. لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠١١ وەک پارێزەری بەشی چاپ و وێنەکێشان لە مۆزەخانەی بەریتانی کاریکردوە.

2. واکۆم: کۆمپانیایەکی تایبەتە بە دروستکردنی تابلێتی قەڵەمی دیجیتاڵی و نمایشی قەڵەمی کارلێککارانە و ئامرازەکانی وێنەکێشانی دیجیتاڵی. کۆمپانیاکە لە ساڵی ١٩٨٣دا لە ژاپۆن دامەزراوە و لەوکاتەوە بوەتە یەکێک لە پێشەنگەکانی بەرهەمهێنانی ئامێری وێنەکێشانی دیجیتاڵی و دیزاین.

3. ئایپاد سیستەمێکی کۆمپیوتەرییە کە کیبۆری تێدا نییە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن کۆمپانیای بەناوبانگی ئەپڵەوە خرایە بازاڕەوە. ئەم سیستەمە مۆدێرنە بە سیستەمی کارپێکردنی ios وەک ئایفۆنەکانی ئەپڵ دیزاین کراوە و شاشەیەکی سەرنجراکێش و کوالیتی بەرزی هەیە. هەندێکیان تەنها توانای پەیوەندیکردنیان بە وای فایەوە هەیە، هەندێکی تریش جگە لە توانای پەیوەندیکردن بە وای فای، توانای دامەزراندنی پەیوەندییەکانی پەیوەست بە G3 و G4یشیان هەیە. ئایپاد بە شاشەی تاچ یان قەڵەم کاردەکات. ئایپاد هەندێک لە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی ئایفۆن و ماکبۆکەکانی ئەپڵ لەخۆدەگرێت. لە ئایپاددا بەکارهێنەر دەتوانێت بە پەنجە یان قەڵەمێکی تایبەت بە ناوی Stylus لە جیاتی ماوس و کیبۆرد کار بکات.

4 . درای پۆینت تەکنیکێکی چاپکردنە کە تێیدا وێنەیەک بە "دەرزی"یەکی نوک ڕەق لە کانزای تیژ یان خاڵی ئەڵماس دەبردرێت بۆ ناو پلێتێک. لە بنەڕەتدا شێوازەکە بە کردەوە هاوشێوەی نەخشاندنە. سەرەتا بە شێوەیەکی نەریتی پلێتەکە مس بوە، بەڵام ئێستا ئەسیتات، زینک، یان پلێکسیگلاسیش بەشێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێن.

5. لیتۆگرافی شێوازێکی پلانۆگرافییە بۆ چاپکردن کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای تێکەڵنەبونی ڕۆن و ئاو دامەزراوە. چاپکردنەکە لەسەر بەرد (بەردی لیتۆگرافی) یان پلێتێکی کانزاییە کە ڕوی نەرمە. لە ساڵی ١٧٩٦ لەلایەن نوسەر و ئەکتەری ئەڵمانی ئالۆیس سێنێفێلدەرەوە داهێنراوە و سەرەتا زیاتر بۆ نۆتەی مۆسیقا و نەخشە بەکارهاتوە. دەتوانرێت لیتۆگرافی بەکاربهێنرێت بۆ چاپکردنی دەق یان وێنە لەسەر کاغەز یان ماددەیەکی گونجاوی تر.